زانكۆی سەلاحەدین -هەولێر

Salahaddin University-erbil

# کاریگەری هۆکارە جوگرافیە سروشتیەکان لەسەر چالاکی گەشت و گوزار لە قەزای ئاکرێ

پێشکەش بە بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی سەلاحەددین کراوە، وەک بەشێک لە داواکارییەکانی بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە کۆمەلایەتیەکان

**ئامادەکردنی**

میهرەبان عبدالرزاق پیرداود

سومەیە ابراهیم محمد

**بەسەرپەرشتی**

م.ی.شالاو سردار مجید

نیسان-٢٠٢٤

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

[ أَن يَشَاءَ اللَّهُ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَّن نَّشَاءُ ۗ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ]

صدق اللَّهُ العظيم

يوسف: الآية 76

# بریاری سەرپەرشتیار

شایەتحاڵم بە توێژینەوەی دەربارەی(کاریگەری هۆکارە جوگرافیە سروشتیەکان لەسەر چالاکی گەشت و گوزار لە (قەزای ئاکرێ) کە قوتابی (میهرەبان عبدالرزاق پیرداود)و(سومەیە ابراهیم محمد ) تەواویان کرد لەژێر سەرپەرشتی خۆم لەبەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی سەلاحەددین، وەک بەشیک لە داواکارییەکانی بەدەستهینانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە کۆمەلایەتیەکان.

سەرپەرشتیار
م.ی.شاڵاو سردار مجید

## پێشکەش بە:

- ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە هەموو ئەو کەسانەی کە زانیاری دەبەخشن و وەرەدەگرن لە پێناو پێگەیاندنی  تاکەکاندا.

## سوپاس و پێزانین:

- سوپاس بۆ خوای گەورە هێز و توانای پێبەخشین بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوە.
- سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستای ئەزیز (م.شالاو سەردار مەجید) کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەمان بوو خۆی ماندووکرد لەگەڵمان.
- زۆر سوپاس بۆ دایک و باوکی ئەزیزانمان کە یارمەتیدەری هەمیشەیمان بوونە لەگشت کاتێک.
- زۆر سوپاسی مامۆستایانی زانستە کۆمەلایەتیەکان دەکەین کە یارمەتیدەرمان بوون.

# پێرستەکان

## پێرستی ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ئایەت | I |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | II |
| پێشکەش بە | III |
| سوپاس و پێزانین | IV |
| پێرستەکانی (خشتە و نەخشە) | V |
| پێشەکی | ١-٢ |
| ١-ناساندنی زاراوەکان وناساندنی ناوچەی توێژینەوە | ٣-١٢ |
| ١-١ناساندنی  چەمک و زاراوەکان | ٣-٧ |
| ١-٢ناساندنی ناوچەی توێژینەوە | ٨-١٢ |
| ٢-هەلسەنگاندنی هۆکارە جوگرافیەکانی سروشتیەکانی گەشت و گوزاری  لە قەزای ئاکرێ | ١٣-٢٦ |
| ٢- ١ بەرز و نزمی | ١٤-١٧ |
| ٢- ٢ ئاو و هەوا | ١٧-٢٢ |
| ٢-٣ رووەکی سرووشتی | ٢٢-٢٤ |
| ٢_٤ دەرامە تی ئاو | ٢٤-٢٦ |
| ٣- گرینگترین ناوچە گەشتیارەکانی قەزای ئاکرێ لەسەر بنەمای هۆکارە جوگرافیە سروشتیەکان | ٢٧-٣٣ |
| ٣-١-١ هاوینەهەواری سیپە | ٢٨ |
| ٣-١-٢ هاوینەهەواری سیپێ بجیل | ٢٨-٢٩ |
| ٣-١-٣ گەلی زەنتە | ٢٩-٣٠ |
| ٣-١-٤ گەلی سیلێ | ٣٠ |
| ٣-١-کانی زەرک | ٣١ |
| ٣-١-٦ بانە سۆر | ٣٢ |
| ٣-٢بەربەستەکانی بەردەم  کەرتی  گەشتیاری لە قەزای ئاکرێ | ٣٣ |
| ٣-٣سوودەکانی کەرتی گەشتیاری لە قەزای ئاکرێ | ٣٣ |

| | |
|---|---|
| دەرئەنجام | ٣٤ |
| پێشنیاز | ٣٥ |
| لیستی سەرچاوە | ٣٦-٣٧ |


## پێرستی خشتەکان


| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| رووبەری یەکە کارگێڕیەکان قەزای ئاکرێ ریژەیان لەسەرجەمی قەزا کم دووجا | ١٠ |
| ژمارەی دانیشتوان قەزای ئاکرێ بەگویرەی پارێزگای دهۆک لە نیوان سالآنی ٢٠١٠-٢٠٢٢ | ١٢ |
| تێکرای بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمی مانگانە و وەرزەکانی ساڵ لە نێوان ٢٠١٠-٢٠٢٣ لە شاری ئاکرێ | ٢٠ |
| کۆی باران بارینی سالآنە لە شاری ئاکرێ لە نێوان ساڵی ٢٠١٠-٢٠٢٣ | ٢١ |
| بارینی بەفری سالآنە لە وێستگەی شاری ئاکرێ لەنێوان ساڵی ٢٠١٠-٢٠٢٣ | ٢٢ |
| بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی بەشێوەی بیری پرۆژە و بیری ئاسایی لە شاری ئاکرێ | ٢٦ |


## پێرستی نەخشەکان


| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| شوێنی قەزای ئاکرێ بە گوێرەی پارێزگای دهۆک و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ | ٩ |
| بەرزی شاری ئاکرێ لەئاستی رووی دەریا بە(م) | ١٥ |

## پێشەکی:

گەشت و گەشت و گوزار لە ئێستادا بەیەکێک لەکەرتە گرنگەکان دادەنرێت، کە بەخێرایی لەگەشەسەندن و پێشکەوتن دایە لەسەر ئاستی جیهان، کە چەندین کاریگەری راستەوخۆ و ناراستەوخۆی هەیە لەسەر هۆکارە بنەرەتیەکانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، رۆڵێکی گرینگی هەیە لەجولاندنی ئابووری وڵاتاندا ، گەشت و گوزار ئەو چالاکیەیە کەوا مرۆڤ ئەنجامی دەدات بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی و ئارامی جەستەی دەروونی، گەشت و گوزار دەچێتە ئەو هۆکارە گرنگانەی کەوا دەچێتە پێداویستیەکانی تایبەتەکانی مرۆڤ، هۆکاری ئەمەش گرینگی گەشت و گوزار رۆژ لەدوای رۆژ لەگەشەسەندن و زیاد بوون دایە بۆتە یەکێک لەبنەما سەرەکیەکانی بەدەست هێنانی داهاتی زۆرێک لەدەوڵەتانی جیهان لەشوێنی جیاواز.

## گرینگی توێژینەوە

پەیوەندی توند وتۆڵ هەیە لە نێوان پەرەپێدان و گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەلایەتی وبوونی بنەماکانی خستنەڕووی گەشت و گوزار لە ناوچەیەک. بەو پێیە گەشت و گوزار بە خێراترین بەشە ئابووری و کۆمەلایەتیەکان دادەنرێت لە ڕووی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە و گەشەی هەمەڵایەنە،گەشت و گوزار دیاردەیەکی شارستانییە،ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشکەوتن دەڕوات،تێبینی ئەوە دەکرێت ئەو وەڵاتانەی کە لە گەشت و گوزار پێش کەوتون لە بواری ئابووریش دا پێش کەوتون. بۆیە زۆربەی ئەو وەلاتانەی خاوەنی فاکتەری خستنەڕووی گەشتیارین هەوڵ دەدەن زۆرترین ژمارەی گەشتیاران بەلای خۆیاندا ڕاکێش بکەن.

## ئامانجی توێژینەوە:

دۆزینەوەی چەندین ناوچەی گەشت و گوزار چۆنیەتی پێشخستنی ناوچەکان  هەروەها ئامانج ئەوەیە کەوا دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە گرنگی و بایەخی چالاکی گەشت و گوزار بدەن لە ڕووی کەرتی ئابووری.هەروەها  شیکردنەوەی هەلسەنگاندنی هۆکارە سروشتیەکان گەشت و گوزار لە قەزای ئاکرێ.

## میتۆدی توێژینەوە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و سود گەیاندن بە توێژینەوەکە چەند میتۆدێکی زانستی وەردەگیرێت لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی وەسفی و میتۆدی شیکاری و بەپشتبەستن بە سەر چاوەی جیاواز، وەک پەرتوکنامە ولە گەل پشتبەستن بە هەندێک زانیاری و داتایانی کە لە هەندیک لە دام و دەزگاکانی دەولەت تایبەتبە ناوچەکە هەبوو.

## گرفتی توێژینەوە:

لە ماوەی توێژینەوەکەماندا تووشی چەند گرفت و ئاستەنگ بووین کەمی سەرچاوە هەروەها نەبوونی داتای و زانیاری پێویست گەشت و گوزار لە قەزای ئاکرێ هەروەها کەمبونی نەخشەی شوێنە گەشت و گوزارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە .هەروەهادووری ناوچەی توێژینەوە لە توێژەر لە کاتی گەڕانی مەیدانی. هەروەها دوورست بوونی گرفت لە کاتی سەرچاوە کە سەرچاوە بە زمانی بێگانە لە کاتی کردنە کوردی کێشە دێتە بەردەم توێژەران.

## پلانی توێژینەوە:

پلانی توێژینەوەکەمان دابەشکراوە بەسەر سێ بەش بەشی یەکەم چوارچێوەی ناساندنی توێژینەوەکە هەروەها بەشی دووەم هەلسەنگاندنی هۆکارە جوگرافیەکانی سروشتیەکانی گەشت و گوزاری لەقەزای ئاکرێ هەروەها بەشی سێیەم گرینگترین ناوچە گەشتیارەکانی قەزای ئاکرێ لەسەر بنەمای هۆکارە جوگرافیە سروشتیەکان هەروەها لە کۆتایدا باس لە دەرئەنجام و راسپاردە و لیستی سەرچاوەکان.

# بەشی یەکەم

## ١-ناساندنی چەمک وزاراوەکان و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

### ١-١ناساندنی  چەمک و زاراوەکان

### ١-٢ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

## ١-ناساندنی چەمک وزاراوەکان و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

### ١-١ناساندنی  چەمک و زاراوەکان

### ١-١-١ گەشت و گوزار

توێژەران تائێستاش لەسەر پێناسەی گەشتوگوزار یەک دەنگ نین، چەندەها پێناسەی جیاوازی بۆ ئەم زاراوەیە بەدی دەکرێت ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی پسپۆری گەشتوگوزاری نەمساوی (بێر نیکر ) بڵێت زاراوەی گەشتوگوزار بەئەندازەی  ژمارەی تۆێژەرەکان پێناسەی هەیە. گەشـتوگوزار جوڵەکردنە لەپێناو چێژوەرگرتن نەک ئیش و مانەوەی هەمیشەیی،وە لە گەشتوگوزاری جیهانی یان ناوخۆیی وڵاتێک پێویستە ماوەکەی لە (٢٤)کاتژمێر کەمتر نەبێت،گەشت وگوزار بریتییە لە چالاکیی گەشتکردن بە مەبەستی کات بەسەربردن وچێژ وەرگرتن.

### ١-١-٢ گەشتیار:

گەشتیار ئەو کەسەیە کە گەشت بۆ دەرەوە شوێنی نیشتە جێبوونی خۆی دەکات  لە ناوەخۆی وڵات  بێ یان دەرەوەی وڵات  بێت کە ماوەی مانەوەی گەشتەکەی لە (٢٤) کاتژمێر کەمتر نەبێت و لە (ساڵێک) زیاتر نەبێت بە مەرجێک  بۆ دەست کەوتی ماددی و خوێندن وبازرگانی و تەندروستی  نەبێت ،بەڵام لەکاتێک دا ئەگەر ماوەی گەشتیار لە (٢٤)کاتژمێر کەمتر بوو ئەوا بە گەشت دانانرێ و بە سەیران دادەنرێت.

گەشتیار لە فەرهەنگی (oxford) ی بەریتانیدا پێناسەی گەشتیار کراوە بەوەی کەسێکە گەشت بکات یان سەردانی شوێنێک بکات بۆ وەرگرتنی چێژو خۆشی لە دیمەنی ئەو شوێنە لیژنەی پسپۆرانی  ئاماری کۆمەڵەی  دەوڵەتان لەشاری (جنێف) لەراپۆرتێکدا کەلەساڵی ١٩٣٧دا بەرزیان کردوەتەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان  دەڵێت (زاراوەی گەشتیار بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە ماوەی گەشتەکەی ٢٤کاتژمێر لە ناوچەیک یان لە دەوڵەتێک بمێننێتەوە  بە مەرجێک جیاواز بێت لەناوچەی نیشتە جێبوونی هەمیشە خۆی).

### ١-١-٣جوگرافیا:

شوێنی جوگرافی یەکێکە لە بنەما سروشتیە گرنگەکان کار دەکاتە سەر دروست بوون و گەشە پێدانی گەشت و گوزار لە هەر ناوچەیەک یان هەرێمێکدا هەروەها کاریگەر بەرچاوی لە ڕاکێشانی گەشیتاردا هەیە،کاریگەری شوێنی جوگرافی دەردەکەوێت لە دیاریکردنی

دوورییەکە کاریگەری شوێنی جوگرافی لە سەر گەشت و گوزارەوە لە دوولاوە بە دیار دەکەوێت.

یەکەمیان : شوێنی ناوچەی ڕاکێشانی گەشتیار لە ناوچەکانی دەرچوونی گەشتیاران ئارەزوو مەندانی خۆشگوزەرانی هەرچەند شوێنەکە نزیک بێت لە سەرچاوەکانی هاتنی گەشتیارەوە بتوانیت بە خێرایی و بە ئامرازی گواستنەوەی جۆراو جۆر بە تێچوونێکی کەم بیگاتێ ئەوا زیاتر پەسەندترە.

دووەمیان: شوێنی فەلەکی کاریگەری بە سەر ژینگەی سروشتی ئاو و هەوا بە گەرخستنی گەشت و گوزار دا هەیە هەروەها شوێنی جوگرافی هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت لە دیاریکردنی سیمای هەندیک لە توخمەکانی ئاو و هەوادا لە هەرێمێک دا لە بەر لە میانەی بازنەیی پانییەوە توخمەکانی ئاو و هەوا جۆر و رووەک و لە ناوچەکەدا دیاری دەکات.

## ١-١-٤ جوگرافیای گەشت و گوزار :

ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمین جار لە لایەن (Strander) لە ساڵی ١٩٠٥ ز بەکارهێنراوە، کە هەوڵی داوە جەخت لەسەر هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان بکاتەوە کە بنەماکانی گەشت و گوزاریان لەسەر بنیات نراوە، بەڵام بە شێوەیەکی سەربەخۆ و پڕمانا زاراوەی گەشت و گوزار وەک لقێکی جوگرافیا بۆ یەکەمین جار لە لایەن جوگرافیا ناسی پۆڵەندی (S.Leszczyki)لە ساڵی ١٩٣٩ دەرکەوت، ئەمەش دووای ئەوەی لە چوارچێوەی لقێکی تری جوگرافیا پۆڵێن دەکرا.

بەم شێوەیە پێناسەی دەکات جوگرافیای گەشت و گوزار دەست نیشانکردنی زانستیانەی بەهای گەشت و گوزارە بۆ ژینگەیەکی سروشتی و لێکۆلینەوە لە توانای جموجۆلی گەشتیاران و لەگەڵ پارێزگاری کردن لە تایبەتمەندی ژینگە و بەرهەم هێنانی ژیرانە بۆ ئەم جموجوڵە.

## ١-١-٥ پلان دانانی گەشت و گوزاری:

پلان دانانی گەشت و گوزاری بەیەکێک لە گرینگترین ئامرازەکانی پەرە پێدانی گەشت و گوزار دادەنرێت ئامانج لێی زیاد کردنی داهاتی تاکە کەسە لەبەرژەوەندی پەرپێدانی شارستانی گشتگیر و سەرجەم بنەما سروشتی و مرۆیی و ماددی وڵاتدا بێت. لێرە پلانی گەشتیاری پێویستە کە لە پێوستیەکانی پەرەپێدانی بەردەوامی دروست کەوا دەکات

ولآتان بەتايبەت تازە گەشە كردووەكان ڕووبەری ململانێی بازاری گەشتیاری ببینەوە، بۆیە پلانی گەشتیاری بەشێكی دانەبڕاوە لە پلانی پەرەپێدانی ئابووری و كۆمەلآیەتی .

### ١-١-٦ گەشە پێدانی گەشتو گوزار Tourism Development:

بریتییە لە دابینكردنی ئاسانكاری و خزمەتگوزاری و تێر كردنی حەز و ئارەزووەكانی گەشتیاران هەروەها دەبێتەهۆی زیاد كردنی هەلی نوێ كاركردن و هێنانە ناوەوەی دراوی نوێ بۆناو ولآت ، گەشە پێدانی گەشت و گوزار بریتیە لە كۆمەلێك كرداری گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری و كارئاسانی و دامەزاوەكان لەكەرتی گەشت و گوزار بەمەستی داینكردنی سەرجەم داواكارییەكانی گەشتیاران.

### ١-١-٧جۆرەكانی گەشت و گوزار:

**١-بە پێی شوێن؛**

أ.گەشت وگوزاری دەرەوە: بریتیە لەو گەشت و گوزارەی كە مرۆڤ بۆ دەرەوەی ولآتەكەی ئەنجام دەدات و هاولآتی ئێمە بۆ دەرەوە دەچێت.

ب. گەشت و گوزاری ناوەخۆ: بریتیە لەو گەشت و گوزارەی كە گەشتیارانی یەک ولآت لە شارەكانی ناوەخۆ و ولآت ئەنجامی دەدەن روو لە ولآتانی دەرەوە ناكەن.

**٢-گەشت و گوزاری كات بەسەربردن:**

ئەم جۆرەیان بۆ خۆشی و كات بەسەربردن. مرۆڤ هەردەم ئارەزوو دەكات ماندووبوونی دەروونی جەستەیی كە لە كاركردن لە ژیانی رۆتینی رۆژانە دەچێژێ بەهۆی شوێن گۆرین و ئاو هەوا گۆرین بەسەربردنی چەند كاتێكی تر لەشادی لەبیری خۆی بباتەوە..

**٣-گەشت و گوزاری چارسەری:**

أ/ چارەسەری لەرێگەی سروشت و ئاو هەوای پاک وەک ناوچە شاخاوییەكان و پاركە نیشتیمانیەكان دەریاچەو ئاوە سازگارەكان.

ب/ چارەسەری بەهۆی كانیاوە دەرماناویكان و جۆری خۆی و رووەكە سروشتیەكان.

**٤-گەشت و گوزاری وەرزشی:**

هەواداران و وەرزش دۆستان  بۆ مەبەستی بینینی یاریە وەرزشیەکان و بەسەربردنی چەند کاتیکی خۆش لە بەرامبەر یارییەکان سەردانی ئەوشوێنانە دەکەن کە یارییە بەناوبانگەکان لێ ئەنجام دەدرێن .

**٥-گەشت و گوزاری کەلتوری:**

گەشتیاران ئەم گەشتە بۆ بینین و ناساندنی داب و نەریتی کەلەپوری پیشە دەستیەکان و جۆری خواردنەکان و مۆزەخانەکان ئەنجام دەدەن .

**٦-گەشت و گوزاری شوێنەواری:**

تایبەتە بە بینین و لێکۆڵینەوە لە شوێنەوارە دێرین و سەرسورهێنەرەکان و گەشتەکان.

**٧-گەشت و گوزاری ئاینی:**

ئەم جۆرە گەشتانە ئەنجام دەدرێن بۆ جێ بەجێ کردنی ڕێو ڕەسمە ئاینیە کان و پاڕانەوە لە خوا تۆ بەکردن ، بۆ بینین وشارەزابوون لە ئەو شوێنە کەتایبەتن و بەشێک لەنەتەوە و دواکەوتنی ئاینە کانی تر دەمانەوێت بیان بینین یاخود زانیاریان لەبارەیەوە کۆ بکەینەوە توژینەوەیان لەبارەیەوە ئەنجام بدەین .

**٨-گەشت و گوزاری پێشانگاو بۆنەکان:**

گەشتاران بۆ بینینی پێشانگا نێو دەوڵەتیەکان و بەشداری لەگەڵ کردنیان سەردانی وڵاتێکی تر دەکەن ئەم جۆرە پێشانگایە جگەلەوەی لەڕووی ئابووری و پێشکەوتنی وڵاتان سوودیان زۆرە لەلایەکی دیکەوە چەندین گەشتیار لەگەڵ خۆی ڕادەکێشێت.

## ١-١-٨ گرینگی چالاکی گەشت و گوزار لە قەزای ئاکرێ:

١_گەشت و گوزار دەبێتە هۆی پاڵپشتی کردنی ئابووری ناوخۆ و دەرەکی ئەمەش دەگەریتەوە بۆ پیشەسازی گەشتیاری کە دەبێتە هۆی راکێشانی سەرمایە.

٢–دەبێتە هۆی زیادکردنی دەستی کار  و کەم کردنەوەی بێکاری.

٣–بازاری گەشتیاری ڕێگایەکە بۆ هاتنە ناوەوەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو..

٤-چالاکی گەشت و گوزار  دەبێتە هۆی قولکردنی گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان گەشتیاران وهاولاتیان.

## ١-٢ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

### ١-٢-١ڕەهەندی جوگرافی:


شوێن بە هۆکارێکی کاریگەر و بە نرخ هە لّدە سەنگیرێت لە توێژینەوە جوگرافیە کاندا, لە هەمان کاتیشدا کاریگەری ڕاستەوخوی هەیە  لەسەر ژیانی مروڤ ،

قەزای ئاکرێ یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای دهۆک سەر بەهەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی پارێزگاکە وە لەرووی کارگێریەوە لە (٤) ناحیە پێک هاتووە وانیش ناحیەی ( سەنتەر- دینارتە - گردەسێن – بجیل ) . لەرووی جوگرافیاوە قەزای مێرگەسۆر لە پارێزگای هەولێرە وە قەزای ئامێدی دەکەوێتە باکور لەباکوری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتیەوە کە زێی گەورە لە پارێزگای هەولێری جیادەکاتەوە لە باشوری قەزای بەردە رەشە لە رۆژئاواکەشی قەزای شێخان نەخشەی ژمارە(١) .

شوێنی ئەسترۆنۆمی قەزای ئاکرێ لەرووی فەلەکیەوە قەزاکان دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی {٣٦:٣١ _ ٣٧:٢ } ی باکوور وە هەردوو هێڵی درێژی { ٤٣:٣٧ _ ٤٤:١٨} رۆژهەڵاتی گۆی زەوی کە بەم پێگەیە گرینگیەکی زۆری بەخشیوەتە قەزاکە کە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

**نەخشەی ژمارە (١)**

شوێنی قەزای ئاکرێ بە گوێرەی پارێزگای دهۆک و هەرێمی کوردستان (٢٠٢٢)




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی نەخشەسازی GIS، 2020

لە ڕووی کارگێڕیەوە قەزاکە بە پێی بڕیاری ژمارە(٧٥٧) لە (١٨/٥/١٩٨٠) لە پارێزگای دهۆک جیادەکریتەوە دەخرێتە سەر پارێزگای موصڵ بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) قەزای ئاکرێ خرایەوە سەر هەرێمی کوردستان)، بەم شێوەیە ڕووبەری گشتی قەزاکە(١٨٥٢،٣) کم٢بەسەر چوار ناحیە دا دابەش بووە.

**خشتەی ژمارە(١ )**

رووبەری یەکە کارگێڕیەکانی قەزای ئاکرێ ڕێژەیان لە سەرجەمی رووبەری قەزا( کم٢)

| یەکە کارگێڕییەکان | ڕووبەر | ٪ سەرجەمی ڕووبەری قەزا |
|---|---|---|
| سەنتەر | ١٣٧.٥ | ٧.٤ |
| دینارتە | ٧٠٩.٨ | ٣٨.٣ |
| گردەسێن | ٦٧٨.٦ | ٣٦.٧ |
| بجیل | ٣٢٥.٤ | ١٧.٦ |
| قەزا | ١٨٥٢.٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو،بەرێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی دهۆک، بەرێوبەرایەتی کشتوڵی ئاکرێ ،بەشی زەوی و زار ،ئەنجامی رووپێوکردنی رووبەری قەزای ئاکرێ و یەکە کارگێریەکانی ،٢٠٢٣.

لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ ناحیەی (دینارتە فراوانترین زەوی قازاکە پێک دێنێت بە ڕێژەی زیاتر (٣٨%) وە بچوکترین رووبەریش ناحیەی (سەنتەرە) بە ڕێژەی (٧،٤% قەزاکە بە پێی ئەم رووبەرە (١٦،٨%) لە کۆی گشتی رووبەری پارێزگای دهۆک پێک دێت کە رووبەری پارێزگای دهۆک (١١٠١١) کم٢. لە رووی دانیشتوانیشەوە قەزاکە گۆرانکاری بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لە نێوان سالانی (٢٠١٠-٢٠٢٣) بە تایبەتی لە کاتی گۆرانکاریە کارگێریەکان و سیاسیەکانی بەسەر هەرێم و ناوچەکەدا هاتوون روپێوی دانیشتوانی ساڵی (٢٠١٠) ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە گەیشتۆتە ( ١٦٨١١٣ )کەس ، وە ئەم ژمارەیەش گەیشتۆتە ( ٢٢٣٩٣٣ ) کەس لە ساڵی(٢٠٢٣).

### ١-٢-٢ڕەهەندی دیمۆگرافی:

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر ئەم گۆرانکاریانەی رویانداوە بەسەر ژمارەی دانیشتوانی قەزای ئاکرێ لە نێوان سالانی (٢٠١٠-٢٠٢٢) لە هەمان کاتدا ئاماژە بە بەشێک لە تایبەتمەندیەکانی دانیشتوان دەکەین کە لە ئەنجامی گۆرانکاری قەبارەی دانیشتوان رویانداوە ،چونکە دانیشتوان دینامکیتێکی بەردەوامی هەیە لە رووی زیادبونی (لە دایک بوون و کۆچ کردن ) وە کەمبونی دانیشتوان (مردن) بە مەبەستی خستنە رووی ئەم گۆرانکاریانەی بەسەر قەبارەی دانیشتواندا دێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا دێت توێژەران پێوەری جیاواز جێبەجێ دەکەن بەربڵاوتریشیان پێوەری ڕێژەییە (ڕێژەی گەشەی دانیشتوان ) کە بەدوو شێواز دەخرێتە روو: